# راوکەی شیعر..!!

**پێشەکی: -**

● سوران مەحوی ●

**هەر دوا بەدوای دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی بابان دا، ئەوە بوو ئەو ڕێچکەوو ڕێبازگە شیعری‌یە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەر دەم لە برەوپێدان وگەشە وخەملاندن و بەرەوپێش چوونێکی سەرومری‌دا بوو. تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە لە زۆر ڕوو و بوارەکانی شیعرو ئەدەبیات دا بەرە وکامڵی‌ و لوتکەیی‌یەکی تەواو دەچوو.**

**بەڵێ ئەو قوتابخانە شیعری‌یە بەجۆرێکی وەها پێ‌گەیشت و لەناو لاپەڕەگەش و پرشنگدارەکانی مێژوو ئەدەبی کوردی هێژادا، جێ‌شوێنی خۆی کردەوە وچەندان مۆرکی ڕەسەنی شیعری خۆماڵی کوردی لە خۆگرت، کەزیاتر لەگشت مەبەستەکانی تری شیعری کوردی مەزنی پێ‌بدرێت و گەلێکیش بەرزی و سەرکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.**

ئێمە کە لەکاتێك دا ئەم قسەیە دەکەین، ئیتر ئەو قسەیە کوت ومت ئەوە ناگەیەنێت، گوایە ئەبێ شاعیرانی سەر بەو قوتابخانەیە هاتوون پشتیان لە مەبەستەکانی تری شیعری کوردی کردوەو هەموو هێز وتوانستی خۆیان تەنها بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبێت.

نەء... بگرە بە دژی ئەوەوە، هەر شاعیرێ دەگری بێ لەو مەبەستە بەپێی قوورسایی ودەستەلاتی خۆیان بایەخ و گرنگی‌یان بەلایەنەکانی کەی شیعری کوردی داوەو هەرگیز.لەو ڕوووەوە کەم تەرخەمیان نەنواندوە.

بە هەرحاڵ یەکێك لەو دیاردانەی ئەمڕۆی شیعری کوردی کە وەك لایەنە «هونەری وفکری»یەکە، لەگەڵ وەزع وحاڵەت دا خەریکی زاڵ بوون و پێش کەوتنە و بە چەندان ئەزموونی تاڵ و تاقی‌کردنەوەی سەخت و گرانی شیعری کوردی‌دا تێ‌پەڕیوە و لە تەك هەموو ئەوانەش دا توانیویتی زۆر داهێنانی شیعری گەورە و تازە گەریتی هاوچەرخ و سەردەمی دروست بکات... ئەوە نەك ئێستا، بگرە لە داهاتووش دا، ببێتە دەست مایەی زۆری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکەڵك و سوود بەخش... ئەوجا یەکێك لەو دیاردانە، کەوەك مەفهووم و زاراوەیەکی ئەدەبی ڕەسەن و خۆماڵی خۆ دەنوێنێ واتە زاراوەی «راوکەی شیعرە»، ئێستاش بەر لەوەی بەدرێژی لەو بابەتە بدوێن و وەهەندێ سەرنج و تێبینی بخەینە ڕوو، دەڵێین زاراوەی راوکەی شیعر کەهەنووکە زۆر ڕۆشنبیرانی کورد لەگەڵ دانیشتنی ئەدەبی‌دا مەشغوڵ و سەرقاڵین، دەبینین زۆر و کەم ئەو زاراوەیە وەك ئەدەبێکی تۆمار کراو خامەی بەبڕشت و ڕەنگینی

رەخنەگران و توێژەرەوانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ئاێستا نەگەیشتوویتی‌یە . . ومانای مەبەستی لای خوێنەرانیش بەتەواوەتی روون و ئاشکرانی‌یە!! وەك ئەوەی مەبەستی پر بەپێستی ئەو زاراوەیە چی‌یە و ئەمرۆ ئەو زاراوەیە لەباتی چ زاراوەیەکی‌تر بەکار دەهێنرێ!!

هەر چەندە من ئیستا بە شبەحالی خۆم، بۆ ئەو مەبەستەو لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەدا ووشەی «راوکەی شیعر» چ بەدەمی وچ بەنووسین جگە لەم دواییەدا نەبی، ئیتر پێش تر و بەر لە ماموستای شاعیر عەلی باپیراغا «کەمالی» «١٨٨٦ - ١٩٧٤» کە بەکاری هێناوە، لە هیچ شاعیرو روشنبیریکی تری کوردم نەبیستووە!!

ئەمەش ئیستا دەقی تەواوی ئەو چوارینەیە کە کەمالی شاعیر ئەو زاراوەیەی تیا بەکار هێناوە: -

٢ «زێوەر لە کوردی‌یا، تەبعی تەرو رەوانە؛؛
بێخود لە فارسی‌یا، ئوستاد و نوکتەزانە . .

نوری مووقەلیدە، بێ راوکە شیعری نایە؛؛
٣ شوکری بەراستی ئەمرۆ سەردەستەی شاعیرانە»

لێرەدا ئەگەر سەرنجێ لەو چوارینەیەی شاعیر بگرین، دەبینین شاعیر وەك دەڵێن: توانیویتی بەتیرێ دوو نیشان بپێکێت!!!

بەسەرێ شاعیران «زێوەرو بێخودو شوکری» دەگەیەنێتە کەشکەلانی ئاسمان و تای تەرازووی شیعریان زۆر بە بەهاو قورس دەگرێ‌و لەولاشەوە «نوری» کە مەبەست لە «شێخ نوری شێخ سالحی شاعیرە «١٨٩٥ - ١٩٥٨»، بێ بەلاسایی کەرەوەی دادەنێ، هەروەهاش دەڵێ: - بەبێ «راوکەی شیعر» هەرگیز شیعری بۆ نایە.

جارێ بۆ ئەو رایەی شاعیر، بەرامبەر شاعیری گەورە «شێخ نوری شێخ سالح» کە هیچ رای تایبەتی شاعیر خۆیەتی دەڵێن: - خۆزگە ئەوشیان بزانیایە، ئاخۆ تۆ بڵێی رای شێخ نوری دەربارەی ئەو چوارینەیە کاتی خۆی چۆن و چی بووبێ؟!!

من دەرهەق ئەو کلکە پرسیارە ووەلامدانەوەی دەڵێن: -
بە بەڵگەیی ئەوەی هیچ بەلگەیەکی ئەو تۆ کە گوایە شێخ نوری ئەو چوارینەیەی بینیوە هیچ بەدەستەوە نین، لەبەر ئەوە هیچ رایەك بە چاك و خراپ لەو رووەوە ناتوانین بخەینە پاڵ شێخ نوری، ئەگینا شێخ نوری شاعیر بەپێی ئەو دەستەڵاتە گەورەیەی لە هونەری شیعری‌دا هەیبووە و لەلایەکی کەشەوە بە وەش دا کە ئەو هەموو دام و دەزگا ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌یەی کاتی خۆی لەبەر دەستا بووە، ئەوەندە دەستە وەستان نەئەبوو نەتوانێ وەلامی کەمالی شاعیر لەو بارەیەوە نەداتەوە!!

ئەگەر هەر لەوساوە، ئەو وەلامە بیوایە، دوایش لە لایەن خوێنەرانی کات وسەردەمی خۆی‌دا، گێت و گۆی لەسەر بکرایە ئیستا ئەو زاراوەیە بەلیل و تاریکی نەدەمایەوە . . . ورەخنە گرانیش نە دەهاتن بەپێی مەزاج و مەرامی خۆیان، کلافەی ئاڵۆزی پەتی ئەو باسە شێ و خاوو بکەنەوەو بێ‌پەرواش هەر دەم بەکوڵی ئەو شاعیر وتەم شاعیری‌دا بدەن . . ولە هەمان کاتیش دا سووك و ئاسان لەکوڵی گەل‌شاعیرانی تری دامالن.

ئیستا بەپێویستی دەزانم، بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەست و بۆ خزمەتی ویژەو ئەدەبی کوردی، چەپکێك سەرنج لەو رووەوە پێشکەش بە خوێنەرانی ئازیز بکەین، خۆ ئەگەر سەرئەنجام ناتەواوی‌یەکیش رەچاوکرا، ئەوا داوای بەخشین و لێبووردن لەگشت لایەك دەکەین وبێ‌خۆشحالیشین لەو بارەیەوە چی‌تر هەیە ئەوان بیخەنە روو.

سەرەتا:
جارێ سەرەتا بەر لەوەی بەپیری‌و تیرو تەسەلی لەو زاراوەیە بکۆڵینەوەو لەو رووەشەوە بەچاکی بەراووردیکی شیعری هەندێ شاعیرانی کورد بکەین، بەباش و پێویستی دادەنێم، بۆ یەکەمجار پێناسەیەکی چڕوپڕی ماناو مەفهوومی زاراوەی «راوکەی شیعر»بکەین و بزانین، قەست لەو زاراوەیە چی‌یە؟! کە تەنانەت شاعیریکی وەکو کەمالی پێش نیوە قەرنێك لەمەوبەر بەکاری هێناوە و دوایش ئەوە ئاشکرا بکەین ئایا مانایی «فەرهەنگی‌و رۆشنبیری» ئەو زاراوەیە چی دەگەیەنێت و چۆن ئەو زاراوەیە کوت ومت وەك واتەیەکی چەسپاو بووە کالای بەقەد باڵایی ئەو مەبەستە . . . لە راستی‌دا بەکار هێنانی ئەو زلراوەیە، بەماناو مەفهوومە ئەدەبی‌یەکە لای زۆرێ ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد، ئەوە دەدەن بەدەستەوە گوایە هەندێ شاعیران هەبووە وهەن ، کە لە زۆر وەزع و حاڵەت دا بە «بیر» و «مەسەلە» یەکەوە لە ناخ و دیوی ناوەوەیان دا خەم و گێنگڵ دەخۆن و دوو چاری کەشمە کێشەیەکی زۆر دەبن و تەنانەت گەلێ ئێش و ئازار و ژان و ژێش تەنگیان پێ‌هەڵدەچنێت و سەرئەنجام هەر چەند دەکەن و دەکۆشن، ناتوانن ئەو بیرو مەسەلەیە لە بۆتەو قاڵبێکی ئەدەبی وەك پارچە شیعرێکی جوان و نایاب و ئەوازە وناسك و

فەنتازی‌دا بە بەرهەم بهێنن!!.

ئەوجا لەبەر ئەوە ناچار بۆ ئەو مەبەستە ژان گرتووانەیان پەنا دەبەنە بەر سفرەو خوانی شیعری پڕ لە نازو نیعمەتی شاعیرێکی ترو لەرێگایی کەلەپوور ومیراتی پڕ شانازی ئەو شاعیرانەوە، شیعری ئەوان دەکەنە هەوێنی راوکەی شیعری‌خۆیان و ئاکام شیعرەکانیان چ وەك «شێوەو ناوەرۆك» لە دەربڕینێکی جوان و چێژ وەرگرتنێکی ئەدەبی ناسك و نایاب دا دەرسکێ‌و لێ لەدایك دەبێت!!

ئینجا ئەم دیاردەیەی ئێستا کەمێ قسەمان لێ‌کرد، لای رەخنە گران و توێژەرەوانی مێژوو ئەدەبی کوردی دوو ڕیانەیەکی بەر فراوان ودوو قلیقانەیەکی سەیرو پڕ سەمەرەی گرتووە.. دیارە ئەوەشمان نابێ لە یادا بچێت، هەر یەکێك لەو دوو ڕێگایانە لای ڕەخنەگران ولێکۆڵەوەرانی ئەدەب ڕووی گەش و لیخنی تایبەتی خۆیان هەیە.

ڕێگای یەکەم:

هەندێ ڕەخنەگران ولێکۆڵەرەوان پێیان وایە «راوکەی شیعر» کە لەرەوانبێـژی‌دا پێی دەوترێت «مووعارەزەی شیعری»و بریتی‌یە لەکارێکی لاسایی کردنەوەی شاعیران و لەو ڕووەوە شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرنەوە، تەنانەت شاعیرە لاسایی کەرەوەکە لەو بارەیەوە نەك هەر بەهەمان ماناو ناوەرۆکی شیعری شاعیرەکەی پێش خۆی‌دا دەچێنەوە، بگرە لەشێوەش دا زۆر وەزن و قافیەو ووشە سازی‌و جوانکاری ئەو دەقوزێتەوە ئەوجا ئەمانە بەرای گەلێ رەخنەگران هەموو لەبەردەمی شاعیرانی لاسایی‌کەران دا لەو ڕووەوە دەبنە کوسپ و تەگەرەیەکی زۆرو نەشیاوی وەك ئەمانەی لای خوارەوە: -

١ - دوورکەوتنەوەی شاعیران لە گشت شاکارێکی ئەدەبی‌و ئەو هەموو داهێنان و ئیبداعاتانەی وەك تازەگەری‌یەك بەو مەبەستەوە بەستراونەتەوە.

٢ - وەستاندنی شاعیران لەشوێنی خۆیان داو دواکەوتنیان لە کاروانی تیژرەوی گشت جوانکاری‌و گۆڕانکاری‌یە ئەدەبی‌یەکە.

٣ - کەم بەرەوچوونی خوێنەران ورِوو نەکردنە بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرانە.

٤ - نەدانی تام و چێژێکی ئەدەبی زۆر بە خوێنەران.

٥ - دۆراندنی ڕووی رەسەن وجسن و پتەوی شیعری‌و ڕووکردنە شێوەو قالبێکی عەمارە پوو جوونەوەو سوواو وەرست و پەست کەر وناپەسەند.

ڕێگای دووەم:

بەڵام بەشێکی تری ڕەخنەگران ولێکۆڵەرەوانی مێژوو ئەدەبی کوردی ڕایان وایە، لە هەندێ کات وحاڵەت دا، با بەشێ لە شاعیراتیش شیعریان بە هۆی راوکەی شیعرەوە کە لە ئەدەب و رەوانبێژی‌دا زۆر جار قالبی «مووعارەزەی شیعری»[٤] وەر دەگرێت لەگەڵ ئەوانەش دا ڕسکاندنی ئەو جۆرە شیعرانە هەر بەکارێکی هونەری شیعری گەورەو مەزن دەژمێرێت... چونکە زۆر جار رێدەکەوێت شاعیر با لە شێوەش دا مووعارەزەی شاعیری بەر لەخۆی کردبێت ویەك بگرێتەوە، بەڵام هەر لەسۆزو خەیاڵ وئەندێشەدا جیاوازی هەیەو بەوەش بۆشایی‌یەکی پڕ کردوتەوە.

پاشکۆی سەرەتا:

لە پێ‌گەیشتنەوەو یەکگرتنەوەی ئەو راو بۆچوونانەدا لەو ڕووەوە دەڵێن: وەك دەردەکەوێت نەك زۆری شاعیران لە بەرهەم هێنانی شیعرەکانیان دا هەر تەنها پەیرەوی شێوەو ئسلوبی هەندێ شاعیرانی بەر لەخۆیان نەکردوە، بگرە زۆر جاریش لەگەڵ ئەوەدا لەواتەو ناوەرۆك دا بەموو لەوانیان لانەداوە، ئەوان چی‌یان بێژاوە ئەمان بێ‌کەم وزیاد شتەکانی ئەوانیان کوت ومت ووتوتەوە، ئەوجا ئەگەر ئەمە بخزێنینە خانەی «مووعارەزەی شیعری‌یەوە»و «موونافەسەیەکی ئەدەبی» دلسۆزو بەرِێزانە دەخولقێنێ‌و هەروەهاش هەر دوو پارچە شیعرەکە پێ‌بزانین یان نەزانین، لە قەشەنگی‌و جوانیان دا، حسابێکی تری بۆ دەکرێن و لە خانەو مەقامێکی تردا خوێنەران حسابی بۆ دەکەن.

بە هەر حال هەر چۆنێ بێ، ئەم دیاردەیە کە لە دێرینەوە تا دەرحاڵ لاپەرەکانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی پێ ڕازاوەتەوە و تا مێژوو ئەدەبی کوردیش هەبێت هەر دەمێنێ‌و ئەمرِۆ لای سەرجەم خوێنەران بەکارێکی هونەری پەسندو درووست دادەنرێت.

ئەو جا شیتال کردنی ئەم باسەو هەندێ نموونەی شیعری: -

ئێمە ئەگەر چاوێك بە دیوانی شاعیرانی کورددا، وبەتایبەت شاعیرانی کلاسیکی‌دا بگێرین، یان تاوو توێ‌یەکی ووردی هەندی لاپەرەی ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردی‌یەکان بکەین و بەدوای دۆزینەوەی هەندێ وێنەی شیعری ئەو بابەتە شیعرانەدا بکەوین، دەبینین ئەو دیاردەیە زۆر بەزەقی وئاشکرایی هەیە ودەبینرێت.

ئێستاش بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژاو ئازیزی ئەم گۆڤارە خۆشەویستە زیاتر لەمەبەست حاڵی بین و لەو ڕووەوە ئاشنا بەڕاستی قەبن، بە پێویستی دەزانین چەند نموونەو پارچە شیعرێکی هەندێ شاعیران پێ‌نیشان بدەین... ئاواتە خوازین توانیبێتمان لەو بارەیەوە خزمەتێکی بچوکمان بە خوێنەران کرد بێت.

نالی دەفەرمووێت «١٧٩٧ - ١٨٥٥»: -

لە دووگمەی سوخمەی دوێنێ، نوێژی شێوان[5]،

بەیانی‌دا سفیدەی باغی، سێوان...

تا لەکۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ....

شەرابی لەعلی ڕومانی‌لە «نالی»؛

حەرامە بێ‌مەزەی ماچێکی لێوان.

بابزانیین لەو ڕووەوە «مەلا ئەسعەدی مەحوی» چۆن تێ هەڵچووەو چۆن، بە هەمان شێواز وڕێچکەی «نالی»دا ڕۆیشتوتەوەو تەنانەت لەزۆر بەیتی شیعرەکانیش دا وەك ناوەرۆکێکی ئەو شیعرە مووعارەزەی ئەوی کردوتەوەو بەوەوە کار تێ‌کراوە.

مەلا ئەسعەد دەڵێ «١٨٩٨ - ١٩٧٦»: -

بهێنە جامی مەی ساقی بە پێوان[6]؛؛

گوڵ و بولبول بەجووتە بوونە میوان...

ڕووناکە ڕەوزەنی سینەم[7] ئەمێستا؛؛

بەشوعلەی شەوچرای کولی جەوانان...

تا لە کۆتایی‌دا دەڵێ......

ئەوا مرد «ئەسعەد»ی بێچارە یاران؛؛

لە دەس‌جەور و جەفا کاری ڕەقیبان.

کوردی دەفەرمووێ «١٨٠٩ - ١٨٤٩»: -

جانا وەرە ئەم جەژنە بە قوربانی سەرت بم[8]؛

بۆ تیری قەزای چاوی حەسودان سوپەرت بم.

شادن لە تەماشای نەزەرت مەحرەم و ئەغیار؛

مروەت نی‌یە تەنها هەر ئەمن دەر بەدەرت بم.

تا لە کۆتایی‌دا دەڵێ...

ئەر خەشمە، وەگەر لوتفە بە «کوردی» نەزەرێ کە،

قوربانی غەزەب گرتن و گوشەی نەزەرت بم.

ئەوەتا «مەیلی»ی شاعیریش هەر بەهەمان کێش و وەزن و ئیقاعی مۆسیقای شیعری‌یەوە بۆ ئەو مەبەستە تێ هەڵچووە دەڵێ: -

مەیلی دەفەرمووێ:

قوربانی دوو ئەبرۆیی فینە گەرت بم[9]،

حەیرانی لەب و خەندەی شیرین شەکەرت بم،

ئەم مەجلیسە وا مەستە لەبەر بادەی چاوت،

هەر من بەدڵ و گیان و جگەر بادە گەرت بم..

چی لێ‌مەکە قوربان منی بێ‌کەس لە کەمەندت،

قەیدی چی‌یە؟ گەر ئاهویی سەیرانی بەرت بم،

ئای... کەمالی شاعیریش دووبارە لەو ڕووەوە چەند جوانی بۆ چووە ودەڵێ: -

کەمالی دەڵێ «١٨٨٦ - ١٩٧٤»: -

گەر ئایەڵێت گیانە بە فیدای لێو دەمت بم[10]،

ڕوخسەت بدە تووخوا کە بە خاکی قەدەمت بم.

فەرمووتە سبەی جەژنە، ئەکەم ماچێ خەڵاتت،

یا ڕەبی بە قوربانی خەڵات و کەرەمت بم،

مەحوی دەفەرمویْ «١٨٣٠ - ١٩٠٤»: -

لە سەیری خەستەخانەی عیشقی ئەو سەوزەی کەوا شینە[11]،

لە سەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یا سینە یا شینە

شەهیدی غەمزەیە بەعزێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ،

دیارە سەر نوێشتی ئەهلی دل یا شینە یا سینە..

تا لە کۆتایی‌دا دەڵێ....

مەلا تەلقینی «مەحوی»دانەدا «جبل و المتین»ی ئەو،

لە جێگەی زەللە زەیلی ڕەئفەتی تاها و یاسینە.

ئێستاش دەبینین مەلا کاکە حەمەی بیلویی نازناو بە «ناری» ئەویش وەك هەموو شاعیرانی سەردەم و هاوچەرخی خۆی کۆی کەم و زۆر ئەو دیاردەیەی بەسەرکردوتەوە و ئەم شێوەو ڕێبازە شیعرەی «مەحوی» پەسند کرد وئەگەر کەسانێکی شاعیران تەنها هەر لە ماناداا مووعارەزەی شاعیرانیان کردبێ ئەم لەشێوەو ناوەرۆك دا ئەو ڕێگایەی گرتووە... ئێستاش ئێوە و دەقی تەواوی شیعرەکەی

«ناری» که لەو ڕووەوە دەڵێ: -
ناری دەڵێ: «١٨٧٤ - ١٩٤٤»: -

لە بەر تیری موژەی بێ مروەتی ئەو شوخە نەخشینە[12]؛
لە هەر جێ دەنگی یا تەلقینە، یا، یاسینە یاشینە،

لە داخی خارە هەر دەم شیوەنی بولبول بەسەر گوڵ دا،
لەسەر ئەو وەجهەیە شینم کە ڕووی موحتاجی تاشینە.
تا لە کوتاییدا دەڵێ.....
بە ڕوو خوشی کە فەرموویە ئەبێ «ناری» عیادەت کەم

ئەوا مردم لەخوشیدا، لە خوشی ئەم نەخوشینە.
دیسانەوە مەحوی دەفەرمووێ: -

خەتی دەوری لێوی ئاڵت ئەی مەسیحا لام وبێ[13]؛
هەر لە جامەی سەبز ئەچێ بۆ «غەین و نوون و جیم و هێ».
«غونچە بازاڕی نەزاکەت داری بۆ تەنگی شکاند،
هەر کە زاهیر بوو، لە دەوری باغی حوسنت «لام وبێ»
تا لە کوتاییدا دەفەرمووێ.....
«مەحوی» ئەمرۆ زۆر نەخوشە قەت شیفای نایە بەهیچ
گەر شیفای بێتن بە بویی زولف و ئەو ئەگریجە دێ.

بەڵێ هەر دوا بەدوای مەحوی شاعیر «حەمدیش» ڕێبازی شیعری ئەودا دەڕواتەوە ووەك ئەو دەکەوێتە ووردە کاری شیعر دانان و لە مووعارەزەی ئەو شیعرەدا ئەویش وەك مەحوی کوتایی گشت بەیتەکانی بە چەند پیتێك دەهێنێو لە سەرەتای بەیتی دووەمی شیعرەکەدا ووشەیەکی جوان و پڕ ئاوازو موسیقاداری پێ دروست دەکات.

حەمدی دەڵێ: «١٨٧٦ - ١٩٣٦»: -

نیمە یارایی نیگاهی «غەین و میم و زێو هێ»[14]؛
«غەمزە» دل دۆزە لەتم کە تۆ بە «شین ویێو رێ»

«شیری» ئەبرۆت یەك ئیشارەی بۆمنی شەیدا بەسە،
تیژە چونکە دوایە کوورەی موحەبەت «ئەلف وبێ».
تا لە کوتاییدا دەڵێ.....
«حەمدی» تاکەی هەر بناڵێنی لەژێر باری غەما،
بۆچی نابێ ئەی سەنەم، ڕەحمەت بەویشا جارێ بێ.
ڕاوکەی شیعر ئەشێ لاسایی‌و موعارەزە ئەدەبی‌یەکە بێ: -

..............................

بە بیر ورای زوورەبەی ئەدیب و ئەدەب دۆستان زاراوەی «ڕاوکەی شیعر» کەئێستا جێگای مشت ومڕو لێدواندنی زۆر ئەدیبانە ونیوە قەرنێکیش بەر لە ئێستا شاعیری گەورە «کەمالی» ئەو زاراوەیەی هێناوەتەگوڕێو وەك زاراوەیەکی فەرهەنگیو ئەدەبیش بەکاری هێناوە... ئەشێ ئەمرۆ ئەو زاراوەیە ڕوو بەڕووی زاراوەی لاسایی‌و موعارەزەکردنە ئەدەبی‌یەکە ببێتەوە... دیارە ئەم دیاردەیەش وەك بەرهەمێکی فکریو ئەدەبی‌و تەنانەت هونەریش هەر لەدێرینەوە هەبووەو هەردەم هەوڵ و کوششی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بوون.

بۆ ئەمەش تا لاپەڕەکانی «ئەدەب وژیان» هەبێ و بمێنێ ئەو دیاردەیەش، شان بە شانی ئەو کارە دەجەنگێ، یا تاوە، نا، تاوێکیش لەگەڵ ئەوانەش دا هێڵە بەیانی‌یەکەی ئەو باسە هەندێ جار لەهەڵچوون و داچونێکی تایبەتی خۆیدا بێ.

سەر ئەنجامی ئەم دیاردەیە: -

......

لە ئاکام و سەرئەنجامی ئەم دیاردەیە بەقەناعەتەوە دەبێژین: -
ئەم دیاردەیە کە هەنووکە بەزەقی و گەورەی بە ناوچەوانی لاپەڕەکانی مێژوو ئەدەبی کوردی‌یەوە دیارن، هەر بەو جۆرەش لەمێژوو ئەدەبی گەلانی تردا بە حوکم و هەوێنی بارە رامیاری‌و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری‌یەکە هەن...

دیارە نەتەوەی کوردیش هەر بەهەمان حوکم لەزۆر کۆن و دێرینەوە بە ئەدەبی «خۆی»و «غەیری خۆیەوە» پەیوەندی هەبووە و چ وەك «شێوەو ناوەروك» لە وێنەی موعارەزەکردنە ئەدەبی‌و لاسایی‌و کار تێکردنە ئەدەبی یەکەدا ئوقرە وکاری خۆی کردوە..
ئەوجا لەبەرتیشکی ئەو مەبەستە دەست نیشانی ئەم خالانەی خوارەوە دەکەین: -
١ - شاعیرانی کورد بەتایبەت لە قوناغی شیعری کلاسیکی‌دا، بە حوکمی ئەوەی زووربەیان زانار عالمی ئاینی بوون و زۆر شارەزایی شیعرو ئەدەبیاتی عەرەبی بوون، ئەشێ ئەمرۆ هەندێ لەو شاعیرانە وەك ئەدەبێکی موعارەزەو لاسایی کردنەوەی شاعیرانی عەرەب زۆر هونەری شیعری ئەوانیان هێناوەتە ناو لاپەڕەکانی شیعرو ئەدەبیاتی

کوردی نازدارەوە . .

٢ ـ ئەدەبی کوردی بە حوکمی پەیوەندی‌یە ئاینی‌و هەروەهاش هاوسێتی‌یەکەی لەگەڵ نەتەوەکانی «عەرەب و فارس و تورک»دا زۆر شتیان لەیەکتری وەرگرتووە بەتایبەت ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی فارس وعەرەبی لە قۆناغی کلاسیکی‌داو ئەدەبیاتی تورکیش بەسەر شیعری هاوچەرخ و سەردەمانەوە دیارن.

٣ ـ بێ لەوەش لەم دوایی‌یەدا زۆر قوتابی‌یانی کورد کە بۆ خوێندنی بەرزو باڵا دەچوونە وولاتانی دەرەوە، ئەوانیش توانیان لە ڕێگایی زۆری وەرگێڕاوەکانیانەوە زمان و ئەدەبی کوردی بەوان بگەیەنن و هەر وەهاش زۆر شت لەوانەوە بە ئەدەبی کوردی‌و زمانی نازداری کوردی ئاشنا بکەن.

ئەوجا وەستانێ لێرەوە: ـ

ئینجا لێرەوە ئەگەر بڵێن: ـ ئەمرۆی ئەدەبی کوردی لە ئاستی ئەدەبی خۆیی‌دا، زۆر لە شاعیرانی کورد بۆ ئەو مەبەستە بەیەکتری‌یەوە کار تێ‌کراون و لەزۆر بەرهەم و شیعرەکانیان دا شێوە «موعارەزەیەکی شەریفانە» یەکتری‌یان بەسەرکردۆتەوە، دیارە ئەوەش هەر زۆر کارێکی ئاسایی بووە. جگە کەسانێکی شاعیران ئەگەر بە چەند شاعیرێکی وەک «نالی‌و مەحوی‌و کوردی‌و سالم»ەوە کار تێ‌کراوبن و دوایش موعارەزەی شیعری ئەوانیان کرد بێتەوە، ئەبێ ئەوەش بزانین، ئەو شاعیرانە خۆشیان هەر بەو کێش و پێوانەیە لە کات و سەردەمی خۆیان دا بەزۆر شاعیران و زانایانی غەیری کوردەوە وەک شاعیرانی «عەرەب و فارس و تورک»ەوە کارتێ کراون و لە زۆر هەڵوێست و هاژاندنی شیعری‌دا، موعارەزەی ئەوانیان بە شیعرەکانیان کردۆتەوە.

لە کاتێک دا شاعیرانی کورد، وەک هەموو شاعیرانی گەلانی تر، کە ئەم ڕێبازەیان گرتووە، وەنەبێ ئەم کارەیان هەروا بێ بیرکردنەوەو سەربەخۆ کردبێت، چونکە چاک بۆیان ساغ بۆتەوە، ئەگەر شاعیری هەر نەتەوەیەک بیەوێت، شیعرو ئەدەبیاتی نەتەوەکەی بچێتە خانەو ڕیزی ئەدەبیاتی میللەتان و ڕووەو مرۆڤایەتی‌یەکە، ئەبێ حەتمەن بەبێ یەک و دوو کردن بەو قۆناغ و ڕێچکەیەدا گوزەر بکات....

شتێکی تر لەو ڕووەوە: ـ

شتێکی‌تر لەو ڕووەوە کە ماوە و لە هەر دیاردەو ڕواڵەتە زەق و دیارەکانی راوکەی شیعری کوردی‌یەو هەنووکە بە ئاشکرایی بە سەر شیعری کوردی‌یەوە هەن و هەیە ئەمان: ـ

هەندێ شاعیرانی کورد تەنها ڕووی هونەری شیعری شاعیرەکەی پێش خۆی گرتووە و تەنها ئەو شاعیرە بەس لەو ڕووەوە وویستی بووە موعارەزەی شاعیر بکات...

بەڵام بەشێکی تری شاعیران لەو بۆتە و قاڵبە لایان داوە وچوون هاتوون شێوە و ئسلوبی شاعیرانیان وەک راوکەیەکی شیعری هەڵگرتۆتەوە، هەر وەهاش بەو جۆرە لە واتە وماناو ناوەڕۆک دا بە موو لەوانیان لا نەداوە وخۆیان لە شاعیرانی پێش خۆیان جیا نەکردۆتەوە.

ئەم دیاردەیەی ئێستا کەمێ لێی دواین بە زۆری لای شاعیرانی قۆناغی کلاسیکی چنگە دەکەون و کەمتر لای شاعیرانی نوێ وتازە بە دەردەکەون.

من هەرگیز ناڵێم ئەم دیاردەیە لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ هەر نیین... هەیە بەڵام بەکەمی، لەگەڵ ئەو کەمیەش دا شاعیرانی نوێ ئەوەندە بە شارەزای‌و لێ هاتووی‌یەوەم شتەکانیان تێکەڵ یەکتری کردۆتەوە، ئەبێ خوێنەر لەو ڕوووەوە بۆ دۆزینەوەیان بە قووڵی‌و ووردی‌یەوە تێ‌هەڵچێت [15]

ئەوجا لێرەوە: ـ

لە کورتەی ئەو رازەی سەرەوە کە باسمان کرد، بەو مەبەست و رایە شادو ئاشنا دەبین کە زۆری شاعیران بەتایبەت شاعیرانی کلاسیکی کە شیعری شاعیرانی بەر لە خۆیان کردۆتە راوکەی شیعری‌و موعارەزەی پێ لە شیعرەکانیان پێ کردوە... لە زۆر ڕووەوە بەوانەوە کار تێ‌کراون، لەگەڵ ئەوەش دا بە هەموو دڵنیایی‌و ئارام و گەش بینی‌یەوە هاتوون، وەک «ئەمانەتێکی ئەدەبی» لەزۆر شوێنی شیعرەکانیان دا بەبێ ئەوەی پێیان عەیبەیەک بێ، یان لەنگی‌یەک بێ، یەکسەرو راست و ڕەوان ناوی ئەو شاعیرەیان بردوە کەپێوەی کارتێ‌کراوە، یان وویستویانە کەم و زۆر موعارەزەی شیعری شاعیران بکەن [16]... دیارە گشت ئەمانەش دەست وقەڵەم پاکی‌و ڕاستگوێی شاعیران لە بەرامبەر و ئاستی شاعیران نیشان دەدەن و لەلایەکی تریشەوە ئەم دیمەن و وێنەیە بەگشتی ئەمەک داری‌و دڵسۆزی‌و بە وەفایی ئەو شاعیرانە لەبەر دەم هەموو ئەو ڕەخنەگرو توێژەرەوانە دەردەخەن کە لە پاشە ڕۆژدا دەیانەوێ لەبەرهەم و شیعری ئەو شاعیرانە بکۆڵنەوەو بێ‌هیلاکی وماندوو بوونێکی زۆر زوو دەگەنە ئامانج و بڕیار دانێکی هەق و عادیلانە، بە کورتی بێ چەندو چوون کردن ڕاست و دروست لەو ڕووەوە خێرا مەبەست دەپێکن.

دوا ووتە: ـ

لەکۆتایی‌و دوا ووتەدا دەڵێم: ـ ئومێدو هیوام زۆرە بەم کورتە نووسینە توانیبێتم شتێکم لەو ڕووەوە بەشت کردبێ‌و کەمێکیش حەزو ئارەزوو تاسووقی خوێنەرانم بەرامبەر ئەو ووشەیەو لەو بارەیەو شکاند بێت... وسەرەڕای ئەوەش ئەگەر خوێنەران لێم

فووبـوول بفـەرمـوون خزمـەتێکی بچوکیشم بە لاپەرە گەشـەو بەشکدارەکانی مێژوو ئەدەبی کوردی ئازداری ئەتەوایەتیهان کرد بێت.

پێش ئەوەی دووبارەو لە کۆتایی‌دا بیلێم: - ڕێزو دڵسۆزیمان هەیە بۆ هەموو لایەك و ئەگەر کەم و کوڕی‌یەکیشم لەو ڕووەوە تواندبێ داوای ڕاست کردنەوە ولێبووردن لە گشت لایەك دەکەم و ئیتر بە ئاواتی سەرکەوتن و سەرفرازیتانم و سوپاس هەر بژین.

سەرچاوە و پەراوێزەکان: -

١ - ڕاوکەی شیعر: مەبەست کارتێ‌کردن و کارلێ‌کردنی هەندێ شاعـیرانە بە شاعیرانی بەر لە خۆیانـەوە... پاشـان ئەو کارتێ‌کـردن و کارلێ‌کـردنـە لای ئەو شاعـیرانـە دەچێتە شێوە وقـالیبکی لاسـایی کردنـەوە ودوایی ئەوەش زۆر جار ئەو لاسایی‌کردنەوەیە قالب و شێوە، مووعارەزەیەك کە پەنجەبازی شاعیر بەرامبەر شاعیر دەنوێنێ وەردەگرێت.

٢ - ئەم چوارینەیەی «کەمالی» شاعیر، هەر چەندە کاتێ لە زۆر ئەدیب و ڕوشنبیرانی کوردم بیستووە، بەلام لەم دواییەش دا دەقی تەواوی ئەم چوارینەیەم لە برای نووسەر و ئەدیبەوە کاك «ئەحمەد حسین» پێ‌دادەوە لاکەوت زۆر سوپاسی دەکەم.

٣ - شوکری: مەبەست لە شوکری فەزلی شاعیرە، ئەم شاعیرە بەرزو ناودارە هاو دەردو هاوچەرخی شاعیری گەورە شێخ ڕەزایی تالـەبانی «١٨٣٥ - ١٩٠٩» بووە... تەنـانەت لەو ڕووەوەشـەوە زۆر توانـج و پلار تێ‌گـرتنیان لەگەڵ یەکتری‌دا هەبووە.. شاعیر خاوەنی دیوانێکی بەرزو جوان و قەشەنگەو هەروەهاش چەندان نووسینی بەکەڵك وسود بەخشی هەیە.

٤ - موعارەزە: لە دەستوور وداب و نەریتی ڕەوانبێژی‌دا بەو پاسـاو دەستوورە باوو دیارە دەووترێت کە شاعیرێ لەشێوەو ناوەروك دا لاسایی شیعری شاعیرێکی پێشتر لە خوی بکاتەوەو بەوە بیەوێت پەنجە بازی و بەربەرەکانێ‌یەکی دڵسۆز وشەریفانە بۆ خزمەت کردنی ویژە وئەدەب بخولقێنێت.

٥ - مێژوو ئەدەبی کوردی: عەلائەدین سوجادی
چاپخانەی مەعاریف: بەغداد سالی ١٩٥٢م

٦ - دیوانی دەست خەتی شاعیر

٧ - ڕەوزەنی سینەم: مەبەست لە ئاخ وتاریکی سنگە و سینەیە کە چۆن بە شەوق و ڕونـاکـی شوعـلەی ڕووی یار و خۆشەویستەکەی ڕووناك و ڕوشنا بوتەوە.

٨ - دیوانی کوردی: چاپخانەی دار السلام: بەغداد سالی ١٩٣١م.

٩ - گۆڤاری بەیان: ئیبراهیم ئەحمەد شوان: ژمارە «١٢٥»ی سالی ١٩٨٦.

١٠ - دیـوانی کـەمـالی: دەزگـای ڕوشنبیری‌و بلاوکـردنەوەی کوردی ئامادە کردن و لیکولینەوەی «کەمالی» عەلی باپیراغا سالی ١٩٨٦.

١١ - دیوانی مەحوی: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: مەلا عەبدولکریمی موودەریس و محەمەدی مەلا کەریم: بەغداد سالی ١٩٧٧ز.

١٢ - دیوانی ناری: چاپخانەی کاکەی فەللاح: کوکردنەوەی کاکەی فەللاح: سلێمانی سالی ١٩٨٤ز.

١٣ - دیـوانی مەحـوی: چاپخـانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغداد سالی ١٩٧٧م.

١٤ - دیـوانی حەمـدی: پاپخانەی سەرکەوتن: لیکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین: سالی ١٩٨٤م سلیمانی.

١٥ - ئەوەتا با بزانین شاعیرێکی نوێ‌و هاوچەرخ و سەردەمی وەك عەبدولڕەحمان بەگی نفووس، چۆن چۆنی ڕێگایی لاسایی کردنەوەو مووعارەزەکردنی شاعیرانی بەر لە خوی کردووەو لەو بوارەدا چۆن شوێن پێی «سالم» صاحێبقرانی هەلگرتونەوە و لەو ڕووەوە چی دەڵێ: -

سالم دەڵێ: «١٨٠٠ - ١٨٦٦».

ساقی لە پەردە دەرهات، جامێ شەرابی هێنا،
دل لە خیرەما لە حیرەت مەه ئاختابی هێنا
...... تا لە کۆتایی دا دەڵێ: -
وەی وەی چ مەجلیسێ بوو، دوێنێ لە دەبدەبەی دڵ،
دولبەر شەرابی گێرا، «سالم» کەبابی هێنا...

بەلام عەبدولڕەحمان بەگ لەو ڕووەوە دەڵێ: -

شنەی هەوای بەیانی، بونی بەهاری هێنا،
ئەم بونە عەتر بێزە، نەشئەی خوماری هێنا.
........ تا لە کۆتایی دا دەڵێ: -
«بابە» ئەو گوڵە گەشە، ئەمڕۆ بە کەیف و نەشئە،
وەختی بونەو باوەشە، بەختێ بەکاری هێنا.

١٦ - ئەوەتا مەلا محەمەدی خاکی بۆ ئەو مەبەستە دەڵێ: -

لە جار و خەرمەنی قەزڵ و کەمالی «مەحوی»یا خاکی
خەریکی خاکە ڕۆیە، گوڵ دەچینێ دانە موورانە...

یان با بزانین ناری هەر بۆ هەمان مەبەست لەو ڕووەوە چی و چون دەڵێ:

بە شوێنی مەحوی‌یا ئەزمم سەراسە شینە بۆ مەرگی
لە ئەشعارم تەماشاکەن، سەراپا ئاخری شینە.